


# (یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو)
# یادەوەریی قوربانییە بێگوناهەکان

ئاکۆ کەریم مەعروف

یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو، ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی (سیامەند هادی)یە، کە یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە بە چەند چیرۆکێکی زۆر کەم، بەڵام بە تایبەتمەندیی خۆیەوە، بە بێدەنگی و بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر وەك لە هاونەوەکانی تری لە هەوڵی

ئەوەدایە لە ڕووبەڕێکدا وێنای دونیایەکمان بۆ بکات کە خۆیەتی. هەڵبەت جگە لە تایبەتمەندی وەك زۆرێك لە نووسەران، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەوڵە سەرەتاییەکاندان، بێ کاریگەریی گەورە نووسەرانی دونیا نین و بە جۆرێك و بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەوڵی لاساییکردنەوەدان، ئەمەش ڕێگەیەکی سرووشتی و ئاساییە، خۆدزینەوەش لە ئاستێکی وەهادا ڕێك لەو درەختە دەچێت کە حاشا لە ڕەگەکانی خۆیبکات.

ئەوەندەی ئاگاداربم سیامەند هادی لە سەرەتادا بە شیعرنووسین دەستیپێکرد، بەلام لەدوای ماوەیەکی کەم بێدەنگبوو، وەکو ئەوەی پێمانبڵێت، شیعر ناتوانێت هەموو شتێك بگێڕێتەوە، بەتایبەتی ساتە شاراوەکان، کۆلانە ونبووەکان، دەستە خوێناوییەکان، کە بێگوناه لە ژوورەکاندا دەڕژێن، چیرۆکی ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵوەدای ئەوەن کەسێکی تر بێت حیکایەتەکانیان بگێڕێتەوە... لێرەوە سیامەند لە جیهانی شیعر دوورکەوتەوە، ئەو بۆ ئەوەی فۆرمێکی تر ببەخشێت بە دەربڕینی هەستە شاراوەکان، هیچ شتێك لەلای نامێنێتەوە، تەنها چیرۆك نەبێت. سیامەند چیرۆك دەنووسێت وەك ئەوەی جاڵجاڵۆکەیەك بە هێمنی تەونەکانی ڕێکبخات بۆ ڕاوکردنی بوونەوەرە نادیارەکان، بۆ ڕاوکردنی ئەو ساتە ونبووانەی لە دیدی ئەوەوە وێنەیەکی تر دەبەخشن بە ژیان، گەرچی مانای ژیان لە ژیانی دەقەکاندا هاوشێوەی بوونێکە، کە پڕاوپڕە لە ترس و مەرگ و هەواڵی چاوەڕواننەکراو، لێوانلێوە لە ختوورەی دڵ.

چیرۆکەکانی ناو ئەو کۆمەڵە چیرۆکە (ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیا کوشت، چەترە وشکەکان، گەڕانەوەی پیاوێك لە تاریکیدا، ئەو ئێوارەیە لەبەردەم دوکانەکەوە تێنەپەڕی، یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپوورکراو، مەرگێك پێش درکاندنی ڕازەکان، تەرمی شار لە بەیانییەکی تەممووزدا، مەرگی داپیرە لە سێشەممەدا). ئەم چیرۆکانە جیاوازن لە ناونیشاندا، بەلام لە ڕووبەری ئیشکردندا هاوشێوەن، هێڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە شێوازی گێڕانەوەدا، کە زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە بۆ گەیشتن بە کەشفکردنی ڕووداوەکان. ئەم سیستمی کارکردنە ئاڵۆزەو تا ئەندازەیەکی زۆر گەر نووسەر بە ورياییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکات دەکەوێتە هەڵەی کوشندەوە. سیامەند لەم ئەزموونەدا گەرچی بێ کاریگەری نییە، توانیویەتی خۆی ڕزگاربکات لە گرانترین کۆڵەکەی نووسین، کە گێڕانەوەیە. هەروەکو وتم، چیرۆك لەلای ئەو لەو بەردە دەچێت کە فڕێدەدرێتە ناو ئاوێکەوەو چەند بازنەیەکی هاوشێوە لە دەوری خۆی دروستدەکات، بەهەمانشێوە چیرۆکەکانی لەو بازنە ئاوییانە دەچێت، کە لەدەوری ڕووداێك کۆدەبنەوە، پاشان وندەبن. ئەو لە سەرەتاوە دەیەوێت ڕووداوێك بگێڕێتەوە، دواجار بۆ چیرۆکەکانی تر درێژدەبێتەوە، تاوەکو ناگاتە کۆتایی، ئەمەش ڕێك لەو خەونە دەچێت کە هێزی گێڕانەوەو کۆتایی نادات بەدەستەوە.

شوێن ئەو جەستەیەیە کە سیامەند گەمەی نووسینی تێدا دەکات، شوێن لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا جەستەیەکی بریندارە، ژوورە تاریك و خوێناوییەکان بە تەنهایی، گۆڕستانە دوورە شارەکان لە کاتی هەورو هەلادا، کۆلانەکان کە پاشماوەی کەسانێکن بۆ ئێستاو ڕابردوو، کەسانێك جگە لەوەی دەیانەوێت لە ڕێگەی کارەساتەوە خۆیان نمایشبکەن و شوناسێك بۆ بوونی خۆیان بدۆزنەوە، هیچ شتێکی تریان ناوێت. شوێن خەسڵەتێکە بۆ ناسینەوەی کەسەکان، هەروەها بە پێچەوانەوە، بە دیوێکی تردا شوێن دەبێتە زمان بۆ بەرجەستەکردنی مانایەك، یاخوود دەربڕینی چەند مانایەك بۆ

دۆزینەوەی وێنە پەنهانەکان، تەنانەت ئەو وێنانەش کە لە خەون و خەیاڵدا شاراوەو نادیارن، ئەم خەسڵەتە لە سەرجەم ئەو چیرۆکانەدا دەبینرێت بێ جیاوازی.

دوانەی (هەراو هوریاو بێدەنگی) خاڵێکی جەوهەرییە بۆ کارکردن لای چیرۆکنووس، هەراو هوریای ئەوانەی چیرۆکەکان دەگێڕنەوەو گوێبیست و ئاگاداری ڕووداوەکانن، بێدەنگیی ئەو کەسانەی کە ژیان زەلیل و بیماریکردوون، قسەیەکیان نییە، رازیکیان نییە جگە لەوەی بە بێدەنگی وەکو ئەوەی خۆیان چارەنووسیان بە دەستی خۆیان نووسیبێت، بێ دوودڵی ئامادەی هەموو قوربانییەکەن، بەڵام قوربانییەك کە تەنها جەستەی خۆیان قوربانیی یەکەمەو هی کەسی تر نا.

کۆمەڵە چیرۆکی (یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو) بەردەوام ڕووداوەکانی لە رابردوودایە، بەڵام لە رێگەی سیستمی سەختی گێڕانەوەوە پێماندەڵێت، گەرچی ڕووداوەکان لە رابردوودا روویانداوەو بوونەتە بەشێك لە یادەوەری، لەهەمانکاتدا ئێستایەو.. ئایندەشە!. دەشێ جۆرێك لەو کارەساتانەی کە کارەکتەرەکان دەیگێڕنەوە لە هەموو سات و کاتێکی دیارینەکراودا ڕوویدەن، لە هەر جوگرافیایەکی ئەم سەرزمینە بێت، ئەم شێوە نووسینە لەو بەرهەم و کارە ئەدەبییانەیە کە بەردەوام زیندوون و لەناو فەزای گێڕانەوەدا ژیانی دەق بە سیحرێکی تر وێنادەکەن.

سیامەند، لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئیشی لەسەر جۆراوجۆربوونی گێڕانەوە کردووە، ئەو تەنها بە رستەیەك یاخوود دیمەنێك یان وەسفێك نایەوێت خۆی رزگاربکات لە ساتێك لە ساتەکانی بوونی ڕووداوێکدا، بەڵکو دێت وەکو پشکنەرێك کە لە ڕووداوێك بکۆڵێتەوە دەچێتە خانەی وردەکارییەکانی ڕووداوەکەوەو لە رێگەی شایەتەکانەوە کە هەریەکێکیان کارەکتەرێکی سەرەکی و بنچینەیین بە شێوەو مانای جیاواز جیاواز وێنەیەکی ترمان نیشاندەدات لە گێڕانەوە، کە پێشتر لە خەیاڵی خوێنەردا دیدێکی چاوەڕوانکراوی هەبووە. لە چیرۆکی کوردیدا ڕووبەرێکی بەرفراوان لەو ئەزموونانە دەبینین کە بەناوی کلاسیکیاتی چیرۆکەوە دەنووسرێن، کە سەرەتاو ناوەڕاست و ساتی درەوشانەوەو قفڵی کۆتایی وەك یەکەکانی رەگەزی چیرۆك ئیشی لەسەرکراوە، هاوشێوەی حیکایەتە کۆنەکان دەزانین جووڵەی کارەکتەرو فەزای شوێن و ڕووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و بە چ شێوەیەك کۆتایی دێت، ئەم فۆرمە لە نووسین کایەکانی نووسینی بچووککردەوەو رێگر بوو لەبەردەم خەیاڵی خوێنەردا، کە بەشدارییەکی کارای دەق بکات. دەبینین ئێستا لە چیرۆکی هونەریی نوێی دنیادا ڕووداوێك نییە بۆ گێڕانەوە، هەڵبەت گێڕانەوە بە مانا کلاسیکییەکە نا، بەڵکو گێڕانەوە لەسەر ئاستی بەرزی تەکنیك و زمان و زەمەن، گێڕانەوە کە لە هەناوی خۆیدا وێنەیەکی تری گێڕانەوەمان بۆ نماشبکات، کە منی خوێنەر بەشداربم لە فەزایەکدا کە ئیدی توانای گێڕانەوەم نەبێت. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا سیامەند هەوڵیداوە لە رەگەزەکانی چیرۆك خۆی دەربازبکات، لەبری (تاك پاڵەوانی) هەموو کارەکتەرەکانی دەبنە پاڵەوان، شوێن دەبێتە پاڵەوان، زەمەن دەبێتە پاڵەوان، تەنانەت خوودی زمانیش بێبەش نییە لەو جووڵە تەکنیکییە. بۆ سەرەتای نووسین ئەم فۆرمە لە تەکنیك کارێکی گرانەو ئەستەمە، بەڵام بۆ سەرەتایەك لە نووسین لای سیامەند بازدانێکی گەورەیە، کە دەیەوێت هەر لە سەرەتاوە لە ئاسۆیەکی تردا ئیشبکات، کە پێشتر کاری لەسەر نەکرابێت، رەنگە ئەمەش موجازەفەیەك بێت بۆ نووسەرێك، کە پێشتر ئەزموونێکی تری لەو چەشنەی پێشکەشنەکردووین، بەتایبەتی ئەزموونێك کە ئاوێنەیەکی ترمان لە ڕووداو و وێنەو گێڕانەوە دەخاتە روو، کە پێشتر ئەو ئاوێنەیە لە

خەیاڵدانی نووسەرانی تردا بوونی نەبووە، لێرەوە ئاگایی نووسەر لە دونیای دەرەوەی نووسین و نووسەران هاوکاری و پشتیوانییەکی زۆر بەهێزە بۆ دەوڵەمەندکرنی ئەزموونی نووسین.

ڕووداوەکانی ناو ئەو کۆمەڵە چیرۆکە زۆر سادەن، هەندێجار نزیکدەبێتەوە لە خانەی ڕیپۆتاژەوە، بەڵام کاتێك دەچینە ناو وردەکارییەکانەوە ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبینەوە لەسەر ئاستەکانی زمان، شوێنکات، هاوشێوە جیاوازەکانی گێڕانەوە لەسەر زمانی کارەکتەرەکان.. دیمەنە وردەکان، کە بە وەسفی شاعیرانە دەمانخەڵتێنێ لە بوونی ڕووداوێك کە ڕوویداوە، ئەمانە چەند بەشێکی کەمن لە جیهانی (یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو) کە یەکەمین هەوڵی کۆمەڵە چیرۆکی (سیامەند هادی)یە و لەلایەن (یانەی قەڵەم)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لەم نووسینە کورت و وردە سەرنجانەدا دەمەوێت بڵێم: بەردەوامی لە ئەزموونکردن و نوێبوونەوەو گەڕاندا، بەردەوامی لەسەر کردەی نووسین، وێنای تری دونیامان نیشاندەدات، دونیایەك کە ئەرکی نووسەرە لە خەمی دیوە شاراوەو پەنهانەکانی ژیاندا بێت، نووسینیش جگە لە ژیان و شارێگە شاراوەکانی هیچی دی نییە. لێرەوە ئەرکی سیامەند فراوانتر دەبێت و لەبەردەم لێپرسراوێتیی نووسیندایە، لەمەودوا دەبێت ڕووبەڕووی ئەو ئاوێنەیە بێتەوە، کە خۆی هەڵیبژاردووە.

